ئەنجوومەنی وەزیران ناوی شەقامی فڕۆکەخانەی بەغدای گۆڕی بە ناوی شەهید ئەبو مەهدی موهەندیس

هاوکات لەگەڵ ساڵیادی شەهیدبوونی سەرکردەکانی سەرکەوتن، ئەنجومەنی وەزیران بە فەرمی ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ناونانی ئەو شەقامەی کە بەرەو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداد دەڕوات بە ناوی (شەقامی شەهید ئەبو مەهدی موهەندیس).

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوێکدا ڕاگەیاندووە" لەدانیشتنی ئەمڕۆی ئەنجوومەنی وەزیراندا، بە فەرمی ڕەزامەندی دەربڕا لەسەر ناونانی ئەو شەقامەی کە بەرەو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداد دەڕوات بە ناوی (شەقامی شەهید ئەبو مەهدی موهەندیس).